سەرۆک کۆمار پێشوازی لە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات



دکتۆر لەتیف جەمال رەشید سەرۆک کۆمار لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە"لە میانی دیدارەکدا، کە ئەمڕۆ چوارشەممە بەڕوچو، چەندین تەوەر و دۆسیەی پەیوەست بە دۆنیابون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی بارگرانییەکانیان تاووتوێ کرا"، لەوبارەیەوە سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە پێویستی بەدواداچون بۆ دۆخی مرۆیی و پاراستن و پاپشتی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان و دابینکردنی پێویستیەکان بۆیان بۆ شوێنێکی کاریگەرتر و گشتگیرتر. هەروەها سەرۆک کۆمار دوپاتیکردەوە، پێویستە ئاسانکاری بکرێت بۆ ڕەکەارەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئەو تۆژانەی لە یاسای دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان پێکراوە، سەرەڕای گرنگیدان بۆ چاودێریکردنی ئەو کەسانەی داهاتیان سنوردارە و کارکردن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی بەهێز بۆ ڕێگریکردن لە کارکردنی منداڵان و ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری قورس، هاوکات ستایشی ئەو هەوڵانەشی وەزارەتی کرد لەپای گرنگیدان بۆ چینە کەمدەرامەتەکان. لە بەرامبەردا وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار دەربڕی لەپای ڕێنماییە بەنرخەکانی، ڕونکردنەوەیەکی کورتیشی لەبارەی ڕەوشی گرنگی وەزارەت پێشکەش بە سەرۆک کۆمار کرد، کە بڕیی

پرەنسیپەکانی کاردەکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئۆو چین و توژانی کۆمەڵگا، کە دەکۆنە ژێر بڕپرسیارەتی وەزارەتەوە لە رێگای جێبەجێکردنی پلان و ستراتیژ و دنیابوون لە جێبەجێکردنی یاساکانی لە لایەک و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەسەاتە پێیوەندیدارەکان لەلایەکی دیکەوە.